# شوانی بۆشای

*نەژاد عزیز سورمێ کردوویە بە کوردی*

# شوانی بۆشایی

**شیعر لە ئەدەبیاتی بێگانەوە**

نەژاد عزیز سورمێ

**کردوویە بە کوردی**

چاپی یەکەم 2010



* شوانی بۆشایی
* شیعر لە ئەدەبیاتی بێگانە
* نەژاد عزیز سورمێ کردوویە بە کوردی
* بەرگ و کۆلاژەکانی ناوەوە: وەرگێڕ
* خەتی بەرگ و نووسینی ناونیشانی شیعرەکان: هونەرمەند محەممەد زادە
* کاری هونەریی: شکار نەقشبەندی
* چاپی یەکەم – 2010
* چاپخانەی: خانی – دهۆک

## له وه‌رگێڕه‌وه

ئه‌م چه‌ند ده‌قه له عه‌ره‌بییه‌وه كراون به كوردی.
كـاره‌كـه بێ پێـشـینه‌و بێ ته‌گبیـر بووه، تێكستـه‌كان له‌خـــۆیاندا ئه‌نگیـــزه‌ی وه‌رگێـڕان بوون، واته ئه‌گـه‌ر بشـێت بگوترێ به‌ڕێكه‌وت بـووه‌و دوای خـــوێندنه‌وه خــولیــای وه‌رگــێــڕانیــان دایساوه.
پێم خــۆش ده‌بێ ئه‌گــه‌ر له په‌رچه‌فه‌كردنیاندا توانیبێتم ســـتــــایل و دنیـــابینی شاعیره‌كانم بپارێزم.

[illegible]

ئه‌یلوولی 2010



## باوکم له دنیا خراپ بووندا دەنوێ

**هودا حوسێن**

به‌ڵێ باوكه
ماوه‌یه‌كه دنیا خراپ بووه
تۆ نوستبووی
نه‌مویست سه‌خڵه‌تت بكه‌م
دنیا خراپ بوونم به‌ته‌نێ دی

تەمەننام دەکرد
بەربوونەوەی بەردێک
یا هاوارێکی بەترس
یا شتێ لەو بابەتە بێداریان کردبایەوە



من نەمتوانی دیمەنەکە بەجێ بێڵم لە دەستم بچێ و
بێم هشیارت بکەمەوە
تۆ دەزانی باوکە
دیمەنی لەو چەشنە
لەگەڵ ئەوەی ڕۆژانە دووبارە دەبنەوە
لێ چاو هەمیشە ئامادە نییە لێیان بڕوانێ





بابە
من هاوارم نەکرد
نەشگریام
گریان بێ دەسەڵاتییە و
هاواریش پیشەی ژنانی شینگێڕە

دەبینی بابە
تەنانەت ئەودەمەی دنیایش خراپ دەبێ
من هێشتا قسەکانی تۆم لەبەر دەکرد و
شانازیم پێ دەکردی ..
شانازیم بە باوکم دەکرد
کە دنیا خراپ بوون
تاڵە موویەکی نابزوێنێ



باوکم
کە دەتوانێ بنوێ
لەکاتێکدا دنیا خراپ دەبێ ..

## چارلز بوگۆفسکی

* لاساری
* گەلاَی دارخورما
* بێگومان
* دانپێدانان
* نامەیەک لە دوورەوە



# لاساری

سێ منداڵی بچووک
بەرەو ڕووم ڕا دەکەن
فیکە لێدەدەن و هاوار دەکەن
تۆ دەستبەسەری ..
تۆ سەرخۆشی !

ئینجا دێن بە شوولە بەقەستیەکانیان
لە قاچم دەدەن ..
تەنانەت یەکیان مۆری پۆلیسی هەڵگرتووە
ئەوی دی کەلەبچە
دەستم بە هەوادا بەرز دەکەمەوە



کە دەچمە دوکانی مەیفرۆش
وەک هەنگ لە شانە هاتبنەدەر
لە دەرەوە دەسوورێنەوە ..

پێنج  بوتڵ شەرابی هەرزان و
سێ پارچە شیرینی دەکڕم ..

# گەڵای دارخورما

نیوەشەوی 1973– 1974
سەعاتی دوازدە و نیوی تەواو لە لۆس ئەنجلس
باران لە و دیوی پەنجەرەکەم
دەستی پێکرد
بەسەر گەڵای دارخورمادا دای کرد ..
هۆڕنی ئۆتۆمبیلان و چەخماخەی ئاگرەگەمە..
ئاسمان بروسکەی دەدا.



من لە سەعاتی نۆی ئێوارەوە
چووبوومە ناوجێ
چرام کوژاندبوونەوە
لە ناو جێدا بە خۆم دادا بوو
لە ژێر پێخەف گوێم بۆ هەراو
خۆشی و بەختیارییان ڕادێرابوو..






هاواریان ، شەپقە  کاغەزینیەکانیان
ئۆتۆمبێل ، ئافرەتەکانیان و
سەرخۆشە تازە دەستپێکردووەکان ..

هەمیشە سەری ساڵ دەمترسێنێ
ژیان هیچ لە ساڵان نازانێ
ئێستا هۆڕنەکان دامرکانەوە
ئاگرەگەمە و  بروسک ........
هەموو شتێک لە پێنج خولەکدا
کۆتایی هات.
لە باران زیاتر نابییەم
بەسەر گەڵای دارخورماوە ..



بیر دەکەمەوە
هەرگیز ناتوانم لە ئادەمیزاد بگەم
بەڵام بۆ ژیان ،
بە خۆشی و ناخۆشییەکانیەوە ژیام .

## بێگومان

له ژیاندا
لەوەیش خراپتر هەیە تەنیا بی
بەڵام ئەوە زۆرجاران
ماوەیەکی زۆری دەوێ
دەرکی پێ بکرێ .



زۆر جاریش کە دەرکی پێ دەکەی
وەخت بەسەر چووە
هیچ شتێکیش
لە وەخت بەسەرچوون خراپتر نییە.

## دانپێدانان

چاوەڕێی مەرگم
وەک پشیلەیەک
خۆی بۆ پێخەف هەڵداوێ
خەم بخۆم، زیاتر خەم بۆ ژنەکەم دەخۆم



ئەو،
ئەو جەستە
سپی یە
خامۆشە
دەبینێ
جارێکیان دەیجوولێنێ
ڕەنگە جارێکی دیکەش بیبزوێنێ:

«هانک!»
هانک وەڵام ناداتەوە ..



مردنم نیگەرانم ناکا
ژنەکەم نیگەرانم دەکا.
کە لەگەڵ ئەو بارستە لە هیچەدا
دەمێنێتەوە ..

لەگەڵ ئەوەشدا ،
دەمەوێ بزانم
من بە درێژایی ئەوان شەوانەی
لە نزیکیدا نووستووم
تەنانەت
لەگەڵ هەموو ئەو بەیەکداهەڵشاخانە خۆڕاییانەشدا
هەر جوان بوو..



وشەی قورسی
کە هەمیشە دەترسام بیلێم
دەتوانرێ ئێستا بگوترێ:
خۆشم دەوێی.

## نامەیەک لە دوورەوە

لە ژوورێکی بچکۆلانەی نزیک (سین)ـەوە
نامەیەکی بۆ نووسیم
دەڵێ خەریکە دەچێتە خولێکی فێربوونی سەما
دەڵێت سەعات پێنجی سپێدە لە خەو ڕا بووە و
هەندێ قەسیدەی بە ئامێری چاپ نووسیوە
یان وێنەی کێشاوە



پاشان هەستی کردووە گریانی دێ
چووە لەسەر کورسییە دڵگرەکەی
لە کەناری ڕووبار دانیشتووە





کتێبی (گۆرانییەکان)ی
پایز بڵاو دەبێتەوە

نەمزانی چی پێ بڵێم
لەوەی بەدەر
خۆی لە  ددانی نەخۆش ڕزگار بکا و
لە عاشقە فەڕەنسییەکان وریا بێت



وێنەکەییم بە ڕادیۆوە
نزیک پانکەکە هەڵپەسارد
وەک شتێکی زیندوو دەجوولایەوە ..
دانیشتم تەماشام کرد
تا ئەو پێنج شەش جگەرەی مابوومم کێشا
پاشان هەستام
چووم نووستم .

## ئۆرهان وەلی

* هیتلەر دەبێتە شیعر
* لە پێناوی نیشتیماندا
* بەخۆڕایی
* من ئۆرهان وەلی



## هیتلەر دەبێتە شیعر

هەموو ئەو ساڵانەی
شیعرنووسینم تاقی کردەوە
چیم دەسکەوت؟
هیچ ....

لێرە بەدوا
دەبم بە ڕێگر
با دز و ڕێگر بزانن
مادام ڕزقم لە دەست دەرهێنان
ئیدی کاریان لە ناو چیایان دا نەما



با ئەوانیش بفەرموون
جێی من بگرنەوە
سەرسوڕهێن لە دنیای ئەدەبدا هەیە.

## لە پێناوی نیشتیماندا

چەندمان
لە پێناوی
ئەو وڵاتەی دا
هەندێک مردن
ئەوانی تر وتاریان دان.



## بەخۆڕایی

ئێمە بە خۆڕایی دەژین
بەخۆڕایی ..
هەوا بەخۆڕاییە.
هەور بەخۆڕاییە.
شاخ و دۆڵ بەخۆڕایین.





دەوروبەری ئۆتۆمبیلان
بەر دەرگای سینەما و دوکانان
بەخۆڕاییە.
نان و پەنیر نەبێ
چڵپاویش بەخۆڕاییە
لێ ئازادی ؟
نرخی ئازادی سەرە
پێوەند و زیندان بەخۆڕایین
ئێمە بە خۆڕایی دەژین
بەخۆڕایی .

## من ئۆرهان وەلی

من ئۆرهان وەلی
داهێنەری قەسیدەی بەناوبانگی
«بەداخەوە بۆ سلێمان ئەفەندی»
بیستم بە کوڵەوە
لە ژیانی تایبەتیم دەپرسن



کەواتە با بۆتانی باس بکەم :
یەکەم من مرۆڤم
مەبەستم ئەوەیە
ئاژەڵی سێرک ، یا شتی لەو بابەتە نیم
لووتێک و دوو گوێم هەیە
بەڵام لەو قۆزانەیش نیم
لەماڵێکدا دەژیم
کار دەکەم..

سەرم بە تەم نەئاخنراوە و
پشتیشم بە مۆری پەیامبەرایەتی
مۆر نەکراوە
وەک پادشاکانی ئینگلیز
بێ فیز نیم
ئۆروستۆکراتیش نیم



وەکو جەلال بەیار ،
کوڕی خاوەن ئاخوڕان ..
زۆرم حەز لە سپێناخە
عاشقی هەویرەمەنی بەلەزەتم
چاوم لە پارە نییە
لەوەدا سوێندتان بۆ دەخۆم .





خۆشەویستترین هاوڕێم
ئۆکتای ڕەفعەت و مەلیح جەودەتە
دڵدارێکی بەڕێزیشم هەیە
ناوی نادەم
با پاشان
مێژوونووسانی ئەدەب بیدۆزنەوە

هەندێ جار بایەخ بە شتی بێبایەخ دەدەم
بەڵام ئەوەی لە ناو نووسەراندا دەگوزەرێ
هەرگیز جێی سەرنجی من نییە ..



ڕەنگە بە سەدان خووی دیکەشم هەبن
جا من چوزانم؟
لێ گێڕانەوەیان سوودی چییە
ئەوەی نەمگووتوە ، وەک ئەوەی وایە گوتوومە.

## ژاک بریڤێر

* مانگ و شەو
* ئێمە ژیان هەمووین



# مانگ و شەو

ئەو شەوە تەماشای مانگم دەکرد
لەبەر پەنجەرە بووم و
سەیریم دەکرد
پاشان پەنجەرەکەمم بەجێ هێشت
خۆم تەنها کرد و
نووستم.

دوای ئەوە ژوورەکە ڕووناک بووەوە
پەنجەرەکەم بە کراوەیی بەجێهێشتبوو
مانگ هاتبووە ژوورێ
لێرە بوو ،



ئەو شەوە لە ژوورەکەمدا دەدرەوشایەوە
دەمتوانی قسەی لەگەڵدا بکەم
دەمتوانی بیگرم
بەڵام هیچم نەکرد
تەنیا سەیریم کرد





وا دیار بوو شاد و هێمن بوو
حەزم دەکرد ختووکەی بدەم
بەڵام نەمدەزانی چی بکەم
بێ جووله  لەوێدا مامەوە

تەماشای دەکردم
زەردەمسکە دەبووەوە
ئەو دەمە نووستم ...



کە هەستامەوە
سپێدەی ڕۆژێکی دی بوو
لە خۆر بەدەر
شتێک بەسەر ماڵانەوە نەبوو .

## ئێمه ژیان هەمووین

له چ ڕۆژێکداین ئێمه
ئێمه له هەموو ڕۆژەکانداین.
ئەی دۆستەکەم !
ئێمه ژیان هەمووین
خۆشەویستم !



ئێمه یەکترمان خۆش دەوێ .. دەژین
دەژین و یەکترمان خۆش دەوێ و
نازانین ژیان چییە ..
نازانین ڕۆژ چییە ..
نازانین خۆشەویستی چییە.

## لەسەر دڵدا نەخشێنراوە

**ئیسماعیل ئاویار ئۆغلو**

ژیان
لەسەر تابلۆیەکی سەهۆڵبەندا کێشراوە
مردنیش
لەسەر تابلۆیەکی بەردین .
بەڵام شیعر
شیعر لەسەر پەڕەی دڵدا نەخشێنراوە .



## راوانەوە

**ئەتاول بەهرام ئۆغلو**

کێک بە کونجی فرۆشی شەشساڵان ،
هەمیشە خەونی بەوە دەبینی
گەورە دەبێ و
دەبێتە ئەکتەری سینەما
کاتێ لەدەست پۆلیسدا هەڵات
بەر ئۆتۆمبێلێکی مارسیدس کەوت
لاشەکەیان
لە ڕۆژنامە ڕەنگاوڕەنگەکاندا بڵاو کردەوە.

# گیام

**ئومێت یاشار**

شەو بوو
ئەستێرە لە دەریادا مەلەیان دەکرد و
ڕوناهی ڕووی زەوی داپۆشیبوو
چاومان
باوەشیان بە یەکدا کرد
لەو مەیخانە دوورە دەستەدا
لەوێ ، لەو شارە دوورەدا



بادەی سووری تەزی
پیاڵەی تژی کردین
ماسی تازە لە سێنیدا
لە ناوەڕاستدا ..
هێلکە شەیتانۆکەیەکی گرمۆڵەبوو





کزە بای بۆنخۆش
سەوزایی نەرمونیان
خزمەتگوزارێکی ماندوو
خەریکە دەسووڕێتەوە ..

کەڕەنای کەشتییەکان
لە دوورەوە بانگیان دەکرد
ڕوناهی هۆ ئەو چرایە فسفۆرییە
ناوە ناوە
لە سیمات دەسوا و
چاوەکانت پڕشنگیان دەدا
ئەو شەوە هەمووی بۆ ئێمە ،
بۆ هەردووکمان بوو



بۆ یەکەمین جار
هەموو شتێک
بێ پسانەوە
بێ پرسیار
بێ درۆ
بۆ ئێمە هەردووکمان بوو ..

جارێکی دی لە دایک بووینەوە
خۆشی لە ئازادی و سەربەخۆییدا ببینین
لەگەڵ هەر پیاڵەیەکدا دەڵێی :
«سڵاو ..
سڵاو خۆشەویستم»



سەرم دەسوورێ
ناکاو چاوم بە چاوت کەوت
پاشان
دوای کاتێکی زۆر تێگەیشتم
تۆ لە دەریای ڕامانەوە
دوور ڕۆیشتی ..

وام بە بیردا هات
دەمرم و بەجێت دێڵم
ئەو ڕۆژە ناخۆشەم بەبیرهاتەوە
ئەو ڕۆژە ژێراوژێرە ، ڕەشە
یەکسەر تێگەیشتم چی بوو
ڕەنگت بە تەواوی زەرد هەڵگەڕا
نیگات لێڵ بوو
موچڕکێکت بە لەشدا هات
ئینجا دەستت کرد بە گریان ..



بۆ یەکەمین جار
گریانی مەزنی ژنێکم دی
دڵداری دەکا ..





بۆ یەکەمین جار
نەمریی دڵداریم
لە تنۆکە فرمێسکێکتدا دی.

پاشان تنۆکەکان
وەک خەونەکانمان ،
ئومێدو نوێژەکانمان
تێکەڵاوی یەکتر بوون ..



ئەگەر ئەو شەوە بشمردبوومایە
گوێم لێ نەبوو
لەو شەوەدا کە دەگریای
من خۆشەویستیم بۆ تۆ
بووە چەند ئەوەندە ..

لەو شەوەدا
لە پێناوی مندا گریای
کەواتە
لە پێناوی مندا پێبکەنە



هەرگیز مەگری
تێگەیشتم خۆشت دەوێم
بۆیە جارێ نامرم خۆشەویستم .

ڕەسووڵ هەمزاتۆف

* دەوڵەتی خۆشەویستی
* چەشەی ژیان



# دەوڵەتی خۆشەویستی

هاتم (دەوڵەتی خۆشەویستی)م دامەزراند
ئینجا بیرم لە دروشمێک بۆ ئەو دەوڵەتە کردەوە:
ئەویش:
دەستت لە دەستم
پرچت، ئەو کەوانەیەی سێبەرمان لێ دەکا..

بۆ دەوڵەتەکەم، بیرم لە سروودێکیش کردەوە:
ئەو سروودە ئەڵمانیا نییە لەسەرووی هەمووان
داغستانیش نییە..
ئەو سروودە خۆشەویستییە لەسەرووی هەمووان
ئائا.. خۆشەویستی لەسەرووی هەمووان..



ئەوجار بیرم لە ئاڵاییێک بۆ ئەو دەوڵەتە کردەوە:
سوور... خەباتە
سپی... ئاشتی
زەرد... جیابوونەوە..





هاتم دەستەچیلەییێکم چنی و
لە ڕەنگی کوڵکەزێڕینە ڕەنگێکم پێکهێناو
نووسیم: عاشقانی دنیا یەکگرن!
زۆری نەبرد پەشۆکام
نەمدەزانی دەوڵەتەکەم
ئەو هێزە لەبن نەهاتووەی هەبێ!!
بەملیۆنان ڕوویان تێ کرد
داوای پەنابەریی سیاسیان تێدا دەکرد.

# چەشەی ژیان

چەشەی ژیان و گەڕان بەدوای حەقیقەت
وەک دەڵێن نیشانەی لاوێتییە
ڕقی پیرۆز، هەمیشە بە کەمێک دوای لە خوێندن بوونەوە
سارد دەبێتەوە..
هەمیشە هیواو نیاز پێک وەردێن
پاشان لە شەوێکدا نامێنن..



لە ڕێگەی ژیاندا وەک دەڵێن ماندوو دەبی
هەموو بایەخێک ون دەکەی..
بەشکۆوە دەکشێیەوەو خێرا ڕادەبووری..
گەر خۆت لە شەرمەزاری و شەرەف گێل بکەی
شتێکە نزیک لە حیکمەت نواندن
پێشانی دۆست و دوژمنی دەدەی...

که تەلانێک ژمارەکەی هەڵدەبژێرێ و
دەڵێ: خواداحافیز..
پاشان هەڵدێ.. باز دەداو دەمرێ...
ئەگەر هەر بیرۆکەییێک یا نیگاییێکی خۆشەویستی
بوو بە بەیتە شیعرێک



هیچ کتێبێکی شیعری دڵداری
لە کتێبی من گەورەتر نابێ..
کەچی کتێب هێشتا بچووکە..
لەوەش خراپتر
ئێستا من شتێکی نوێ نانووسم
ئەو وەختەی هەمە شیعری تێدا بنووسم
لەگەڵ تۆی بەسەر دەبەم..

# چەند هۆنراوەیەک

**یانیس ڕیتسۆس**

من بووم لاسکە تێلم
لە باخچەدا چاندن



گوڵ دەدا..
تەنانەت ئەگەر مردوویش
بڕوا بەوە نەکەن.





ئەو تیشکە
تەنیایەی
لووتکەی چیا
کوژراو لەوێیان داناوە
بە بیرت نایەتەوە؟

به سێ ڕەنگان
شین،سوور و زەرد
دەتوانین ڕەنگی دی دروست بکەین
پێویست بە ڕەش ناکا
ڕەش هەیە
هەروەها سپی.



هەڵە..ئا
بەڵام نەک درۆ
وتی یارمەتیم بدە
نینۆکم بکەم
مەقەسەکە نابڕێ
وتی یارمەتیم بدە
حەقیقەت بڵێم
کام حەقیقەت ؟
مردوویش نینۆکیان دێ .

## چیرۆکی سەرکەوتن

**ئای.ئار.ئامۆنز**

پەیوەندیم بەدنیاوە
خۆش نەبوو .
سەرەتا من شتێکم نەبوو
لەوەی دنیا دەیەوێ
پاشان دنیا شتێکی نەبوو
لەوەی من دەمەوێ .



## سەرچڵی

**فازڵ عەززاوی**

شازادەیەک لە پێخەفەکەیدا نووستووە
دڕندەیەک
لەو دیو پەردەیەکی ڕووبەدەردا
چاوی لە جەستەی ڕووتی بڕیوە
زەنگ لێ بدەم ؟





شاعیرێک لە باخچەیە
بە درەختێکدا هەڵدەگەڕێ و
لە نێو لق و چڵەکانیدا ون دەبێ
سەرکەوم بە دوایدا بگەڕێم ؟

پیرەمێردێکی خانەنشین
خەریکە ڕۆمانی پۆلیسی دەخوێنێتەوە
لە بارەی دزێک
لە هەڵمەتی شەوانەیدا
لەگەڵ خۆی دەبا و
پۆلیس دەیانگرێ
شایەدی بۆ بدەم ؟



هەموو واق وڕمانێکم لەبیر چوو
هەر چیرۆکێکم لە نوێوە دەست پێکرد
دەچم شازادە لە خەو هەڵدەستێنم ..
دڕندە بۆ ئەشکەوتەکەی دەردەکەم و
شاعیری باخچە دەگەڕێنمەوە باخچەکەی
تا جارێکی دی بچێتەوە سەر داران..
پیرەمێرد و دزیش ئازاد دەکەم .

# نامە

**لویز گلیک**

شەو بۆ دوا جار
بۆ دوایەمین  جار
دەستت بەسەر جەستەمەوەیە.



سبەی پایزە.
پێکەوە لە بانیژە دادەنیشین
تەماشای ئەو پەلکانە دەکەین وشک بوون و
با بە ئاسمانی گوندیدا دەیانبا
وەک ئەو نامانەی یەک بە دوای یەک
هەر یەکەو لە ماڵی خۆی دەیانسوتێنین





ئەم شەوە چەند ئارامە
بە تەنیا دەنگی تۆیە بەخۆدا دەڵێ:
تۆ تەڕ بووی، ئەوەت دەوێ..

منداڵەکەیش لە ناوەوەدا نووستووە
دەڵێی هێشتا لە دایک نەبووە

بەیانی ، پایز
پێکەوە لە باخچە بچکۆلانەکەدا
بە ناو کورسی بەردین و درەختاندا دەڕۆین
کە تەم  دایپۆشیون
وێنەی کەل و پەلێک
ڕۆژگارێ بێ ، بەجێ هێشترابن



سەیرکە.. گەڵای داران
چۆن لە تاریکیدا بڵند دەبن
ئەوەی  لەسەرمان نووسیبوون
سووتاندمانن...

# قوتابی پەیمانگا

**پابلۆ نیرۆدا**

قوتابی پەیمانگا بوو
چاوی زۆر جوان بوون
یەکشەممە ، دوای نیوەڕۆ
پێی گەیشتم



قوتابی پەیمانگا بوو
چاو ڕەش
وێنەی دەوەنێکی ڕووت
هەستم بە ناسکییەک کرد
لەو کاتەوە ،
لەو ئێوارەیەوە پێکەوە چووینە پەیمانگا .

## شوانی بۆشایی

**عەبدولجەواد ئەلعوفیر**

ڕانەگەلی بۆشاییی
بۆ مێرگی بە پیتی ڕۆحم
بە پێشە خۆ داوە ...
منم بۆشاییی
بەرەو مەرگی دەبەم.



گوڵ بۆن ناکەم گەر بۆ ئەوە نەبێ جوانی پێ ببەخشم
برادەر ،
هەوری ڕەشن
لە دڵدا دەبارن.





ئێمەش بە چەترە بچکۆلەکانمانەوە
غار دەدەین ...
جیهان بە شیعری خەمبارەوە
تەنگ بووە

ئەو ژنەی

بەسەر باڵی بیرۆکەیەکەوە دەفڕێ

بۆ ئەوەی نەبێ ونی بکەین،

خۆشمان ناوێ



دڵمان
تەنیا جێی مردووانی
تێدا دەبێتەوە ...

## خوێم خڵانی خۆشەویستییە

**یاسر زەییات**

ناگری، ڕەنگە لاواز دەربکەوێ
حەزلێکردنێ ناکاو ڕقی لە کەس نابێتەوە و ناژی
چونکە لەوانەیە بە لاوازی بێتە بەرچاو..
ناخواو ناخواتەوەو نانووسێ..
نەبادا لاواز ببینرێ...
هەڵواسراوی نهۆمی نۆیەم خۆی ناکوژێت..



بۆنی ئەوی لەپێش خۆی دانا
چاوی، پێستی، لێوەکانی
دەستی پێکرد بە خۆدا بلێ..
پەرستارەکە گریا، پێخەف، پاکەوانەکە، هەموویان گریان
ئەویش بەخۆیدا دەگۆ

ڕۆژانە کە کاری دەکرد، کاتێ ڕیشی دەتاشی،
کە لە ڕێگادا بەرەو نەخۆشخانە
گوێی بۆ جنێوی شوفێران ڕادەدێرا
لەگەڵ خۆیدا دەپەیڤی



شاعیرێک ژنێکی خۆشویست
کە گۆرانیبێژێکی بە ناووبانگی خۆش دەوێ..
گۆرانیبێژی بە ناووبانگیش ژنێکی خۆشویست
حەز لە شیعر دەکا.

ژنێک هەموو ڕۆژێ گوڵان دەکڕێ
بیخاتە بەر پێی گۆرانیبێژێکی بە ناووبانگ
ژنێکیش ڕۆژانە گوڵ دەکڕێ و
بۆ شاعیری دەبا لە نەخۆشخانە..
شاعیر و گۆرانیبێژ ڕۆژانە دەگرین
گوڵیش ڕۆژانە سیس دەبن.





لە ئەسانسێردا، تەواو لە ئەسانسێردا
لە تەنیشت دەرگای ئەسانسێردا
دەستی لەسەر سینگی داناو هەستی بە ئازار کرد
لە ئەسانسێری دوای ئەو، تەواو لە بان سەریدا
دەستیان لەسەر سینگی دانا هەستی بە ئازار کرد
پێش ئەسانسێر هەستی بە ئازار کرد
لەسەر قەرەوێلە بە ئازار بوو
کە خۆشیویست، کە بیری هاتەوە،
کاتێ ویستی ڕقی لێ ببێتەوە، هەستی بە ئازار کرد



ژنەکە پێی وت: ئارام بە!
پێی وت: بۆچی دەرمانی ئارامبەخشت نەخواردووە؟
پێی وت: جارێکی دی دەرزییەکە دەرنەهێنی.
پێی وت: ئەدی بۆچی ئاوەها لاواز و بنێساویت؟
پێی وت: بۆچی ئازار ناچێژیت؟

به ژنەکەی وت: دەستت لەسەر ئەو چرکەساتە ئەبەدییە
خۆشگوزەرانە دابنێ و
نەختێک ئازار بچێژە..
دەستی دانا.. ئازاری چەشت. گریا و بەبیری هاتەوەو
لەسەر گۆڕی تەنیشتیەوە ڕاکشا...
هەستی بە ئازار دەکرد و دەرمانی ئارامبەخشی
وەرنەگرت..



دکتۆر دەڵێن: خوێنم خڵتانی خۆشەویستییە..
لێزان و فاڵچی دەڵێن: خوێنم خڵتانی خۆشەویستییە..
ڕۆژنامەفرۆش دەڵێت: وێنەت لە وێنەی دوێنێی لاپەڕەی
مردووان دەچێ.
گۆڕهەڵکەن دەڵێن: ئەو مردووە شێتە بۆچی ئازار
دەکێشێ؟
فریشتەکان دەڵێن: ئەدی لەو جەڵتەی سۆزە ئاگادارمان
نەکردییەوە؟
کرمەکان دەڵێن: ئەو جەستەیە ژنایەتییەکی غەدداری
لەگەڵ تێکەڵکراوە
بۆن دەڵێ: من دوو بۆنم
خۆشەویستیش دەڵێ: لەو گێلەم دەربێنن
ئەو بڕوا بە هەموو شتێک دەکا..
خوایش ئەمردەکا.. لە مردووەکانی دیکەی جیا بکەنەوە..

# خوداحافیز

**جیحون عەتوف**

هاتین
ئا ئەوەتا دەگەڕێینەوە
خوداحافیز
سەوزە فرۆشی برام
بەهار دێت تا لێم بپرسی
گێلاسان بدە کیژۆڵان
ئەی بارانی وێستگەی پاسان!
چاوەڕوانم مەبن ، نایێم
هەوری مەرگ دابەزی



چەند ڕۆژێکە
بەسەر شەپقەکەمەوەیە
تۆیش ، شەمەندەفەری ڕۆژهەڵات!
دەستم بۆ سڵاولێکردنت
بەرز نابنەوە





دەزانم گوڵەکانی چیا ، جوانترین گوڵن
با وێستگەی ئابرزنجان
بۆندار بکەن

تۆش ئەی درەختی جوان و ڕووتی خۆخ !
کە شەرابی بەفر
چڵەکانتی داپۆشیوە
با شەوانە ئەستێرە بێنە لات و
دڵداری لە باوەشتا بکەن



تۆ ئەی درەختی ڕۆژگاری ئاینده !
بە تەنێ مەزن ببە
ئیتر من نامێنم
بە گوڵەکانتا هەڵبڵێم .

## بایۆگرافیاو ژێدەر

## بایۆگرافیا و ژێدەر

* لویز ئیلیزابێس گلیک سالی 1943له نیویۆرک له دایک بووه .
سالی 1992خەلاتی (پۆلیتزەر) ی وەرگرتووه ، چەندین کۆشیعری بلاوکردۆتەوە دوا کۆ شیعری سالی 2006. بلاوکردۆتەوە ئەم شیعرەی لەو کۆمەلە شیعرە هەلبژاردەیەوە کراوه به کوردی که له لایەن سامر ئەبو هەواشەوە کراوە به عەرەبی و له لایەن دەزگای (کلمە) له بلاوکراوەکانی (الجمل) وەشێنراوه.
بڕوانه لاپەره 22ی هەلبژاردەی شیعری گلیک به عەرەبی (عجله مشتعله تمر فوقنا) منشورات الجمل 2009بێرووت ، لوبنان .
* چارلز بۆگۆفسکی سالی 1920له شاری (ئاندرناخ) ی ڕۆژئاوای ئەلمانیا له دایک بووه. زۆری نەبردووه بنەمالەکەیان چۆتە ئەمەریکا ، بۆگۆفسکی لەگەل ئەوەی گەلێک چیرۆک و شانۆیی و ڕۆمانی نووسیوه بەلام زیاتر وەکو شاعیر ناسراوه.. شیعرەکانی لەو هەلبژاردەیەوە وەرگێڕدراون که به ناوی (الحب کلب من الجحیم)ـه وه له لایەن سامر ئەبو هەواشەوە کراون به عەرەبی و دەزگای بلاوکردنەوەی (الجمل) له بێرووت سالی 2009بلاوی کردۆتەوه.



بڕوانه لاپەرەی : 51و55و 74و 126و 148و 162ی (الحب کلب من الجحیم).
* ئارچی ڕاندلدف ئامۆنز(ئای.ئار. ئامۆنز) سالی 1926له نۆرس کارۆلینا له دایک بووه ، له سەربازی دا بەسەر وێرانکاریێکی ئەمەریکاییەوه ،له باشووری ئۆقیانووسی ئارام دەستی به شیعر نووسین کردووه.
له ڕۆژنامەنووسیشدا کاری کردووه و له ژیانیشدا چەندین کاری جۆراو جۆری دی کردووه ، وەکو کڕین و فرۆشتنی زەوی.. ئەم شیعرەی لەو هەلبژاردەیە وەرگێڕدراوه که له لایەن سامر ئەبو هەواشەوە له ژێر ناوی (الوریقات تطیر من الاشجار کالعصافیر) کراوه به عەرەبی که له سالی 2009له بێرووت له لایەن (منشورات الجمل )ـەوه بلاوکراوەتەوه . بڕوانه لاپەره 75.
*فازل عەززاوی شاعیرێکی نوێخوازی عەرەبی ئێراقییه.
ئەم شیعرەی له ژمارەی یەکەمی گۆڤاری (نصوص) دا لاپەره 109بلاو کراوەتەوه.
* یانیس ڕیتسۆس، شاعیری یۆنانی به ناوبانگ . ئەو شیعرانەی لێرەدا وەرگێڕدراون له کتێبی (هەلبژاردە له شیعری جیهانیدا) که له لایەن پۆل شاوولەوە کراون به عەرەبی و له لایەن (دار الحداثه)ـه وه له بێرووت سالی 1990بلاوکراوەتەوه . بڕوانه لاپەڕه 20و 21و91.
*پابلۆ نیرۆدا شاعیری به ناوبانگی چیلی بەرەندەی خەلاتی نۆبل
ئەم شیعرەی نیرۆدا له هەمان هەلبژاردەوە وەرگێڕدراوه که له لایەن پۆل شاوولەوە کراوە به عەرەبی بڕوانه لاپەره 91.
*هەروەها بۆ شیعرەکانی شاعیری فەڕەنسایی (ژاک بریڤێر) تەماشای هەمان سەرچاوەی سەرەوە بکه لاپەڕه 139و 144.
*تۆرهان وەلی کانیک ، شاعیری تورکی سالی 1914له دایک بووه له 11/14/ 1950کۆچی دوایی کردووه . ماوەیەک له ڕۆژنامەنووسیدا کاری کردووه و فەلسەفەی له زانکۆی ئەستەمبۆل دا خوێندووه ، له ژیاندا

چەندین کۆشیعری بڵاوکردوونەتەوە ، شیعرەکانی ئەم هەڵبژاردەی لە کتێبی (مختارات من الشعر الترکی ) وەرگێڕانی (فازڵ جتکر) وەشاندنی وەزارەتی ڕۆشنبیری سووریادا ساڵی 1995بڵاوکراوەتەوە . بۆ شیعرەکان بڕوانە لاپەرە 40و41و 46و47ی ئەو کتێبە.

شیعرەکانی (جیحون عەتوف قانسۆ) و (ئومێت یاشار) و (ئەتاوول بەهرام ئۆغلۆ) و (ئیسماعیل ئاویار ئۆغلو)یش لە هەمان کتێبی (مختارات من الشعر الترکی )ـە وە وەرگیراون ، بڕوانە لاپەرە 69و92و147.

*هودا حوسێن شاعیرێکی نوێخوازی میسرییە. بۆ ئەسڵی شیعرەکە بڕوانە گۆڤاری (الهلال)ی میسری ژمارەی تەمووزی 2007ساڵی سەد و پازدەیەم .

* عەبدولجەواد ئەلعوفیر شاعیرێکی نوێخوازی مەغریبییە . بۆ ئەسڵی شیعرەکە بڕوانە ڕۆژنامەی (الزمان) ژمارە 2854لە 24/11/ 2007لاپەرە 10.

* یاسر زەبیات: شاعیرێکی لاوی میسرییە، ئەم شیعرەی لەژمارەی 6ی تەمووزی 2007ی گۆڤاری (الهلال)دا بڵاوکراوەتەوە.

* ڕەسووڵ هەمزاتۆڤ شاعیری بەناووبانگی داغستان و خاوەنی کتێبی (داغستانی من) کە بۆ چەندین زمان وەرگێڕدراوە، بەزمانی کوردییەوە.

بۆ دەقی هەردوو شیعری هەمزاتۆڤ بڕوانە ڕۆژنامەی (الصباح)ی بەغدایی ژمارە 118ی 2003/11/16.



## هەوڵە چاپکراوەکانی نووسەر

**1) لەبواری لێکۆڵینەوەی رۆژنامەنووسیدا**

* رۆژنامەگەریی کوردی و رۆژنامەنووسی کورد
نامیلەکە-چاپی 1984، بەناوی خوازراوی
(پاکزاد محمد کریم)، چاپکردن و بڵاوکردنەوەی یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستان(لەشاخ) چاپی دووەم بەناوی سەریح، هەولێر چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، 1991.
* پرۆژەیەک بۆ دەرکردنی رۆژنامەیەکی رۆژانە بەکوردی
لێکۆڵینەوە-گۆڤاری(رۆشنبیری نوێ) بەغدا، پایزی 1986.
* هەڵەی چاپ، ئەمرۆ ئاسۆی دوا رۆژ
لێکۆڵینەوە-بەدووبەش، رۆژنامەی (هاوکاری) بەغدا-1988.
* وێنەو کاریکاتۆر تایپۆگرافیاو بەکارهێنانیان لە رۆژنامەگەریی کوردیدا
لێکۆڵینەوە-بەسێ بەش، گۆڤاری (کاروان ژمارە 85و 86و 87)ی 1990.
* برایەتی: یەکەمین رۆژنامەی رۆژانە لە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردیدا
لێکۆڵینەوەو بیبلۆگرافیا-چاپی یەکەم گۆڤاری(یەکگرتن) کە لە هەندەران دەردەچێ، چاپی دووەم چاپخانەی خەبات 1991. چاپی سێیەم چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەولێر-1997.
* ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان(ئاداک-ADAK)
پرۆژەی دامەزراندن و بەڕێوەبردن.
لێکۆڵینەوە-رۆژنامەی (برایەتی) بەسێزدە ئەڵقە، هەولێر-1993، چاپی دووەم بە کتێب چاپخانەی خەبات دهۆک 1997- چاپی سێیەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر 2006.
* درەختی بنکۆڵکراو:
پەنجەنماییێکی رۆژنامەنووسیانە بۆ باری روناکبیری و کلتووری کوردی چاپی یەکەم کوردستان-1995، چاپی دووەم سوید 1996 چاپی سێیەم هەولێر 2006.
* ڕۆژنامەگەری کوردی - چەند سەرەقەڵەمێک لە بارەی تەکنیک و هونەرەکانی - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر 2006.
* ئازادی لە بەهاری تەمەنیدا - وتار لە بارەی ڕۆژنامەنووسی کوردییەوە - هەولێر 2005.
* شار لە هەڵبوون و کوژانەوەیدا - وتاری ڕۆژنامەنووسیی - هەولێر 2005.
* چەند وتارو نووسینی تر هەر لەم بوارەدا لە شوێنی جیا جیا بە کوردی و عەرەبی.

**2)شیعر**

* ئەو شەوانەی خەون نایێ:
چاپخانەی (النعمان)نەجەف - 1977.

* تاڤگەی مەند
چاپخانەی (شفیق) بەغدا- 1987.
* چەند کۆتەڵێکی جەنازەیی:
چاپی ئیتاڵیا 1994. چاپی کوردستان 1995 دهۆک.
* هەندێ لەو شوێن پێیانەی بەسەر شەختەدا مابوونەوە:
چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەولێر-2005.
* تاڤگەی مەندو ئەوانی تر - چوار کۆ شیعر پێکەوە:
چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەولێر-2005.
* گەمە شاراوەکانی با : دهۆک -2007.

**3)لەبواری وەرگێڕاندا**

* نووستوی بەر باران:
شیعر-لە فارسییەوە، چاپخانەی (علاء)بەغدا-1980.
* ڕێگاوبان:
پێنج چیرۆکی درێژو شانۆنامەیەک لە نیکۆلای خایتۆڤەرە چاپی یەکەم - چاپخانەی (الحوادث) بەغدا-
1983. چاپی دووەم دەزگای موکریانی - 2005.
* سەرتاییێەک بۆ تێگەیشتنی هونەری شێوەکاری
چاپی یەکەم - چاپخانەی(حسام) بەغدا 1986. چاپی دووەم دەزگای موکریانی - 2005.
*چەند نامەیەک بۆ تارانتابابۆ:
شیعری نازم حیکمەت، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە.
چاپی یەکەم چاپخانەی (الزمان)بەغدا-1990.
چاپی دووەم/سوید - کتێبی ئەرزان 1996. چاپی سێیەم هەولێر - 2005.
* دایکی کورد-دانییێل میتران
وەرگێڕان لە عەرەبییەوە 1996.

**4)**

* پایزی چاوەکان
کۆلاژ لە تاراوگەی شیعردا چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری-هەولێر 1998.
* چاوەکان.. هەمیشە چاوەکان...
کڵاو ڕۆژنەیەک لە شەختەدا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری 1999.
* دیسان چاوەکان - ڕێنوێنی پێشانگای پێنجەمی کۆلاژ، چاپخانەی خەبات- دهۆک 2008.
* شرفە-بە زمانی عەرەبی، چاپخانەی خەبات دهۆک-1998.
* بێجگە لە دەیان شیعری وەرگێڕدراو و نووسینی دیکە لەکات و شوێنی جیاجیادا بەکوردی و عەرەبی.

# Shpard of the Void

A Collection of foreign poetery

Translated into Kurdish by:

Nazhad Aziz Surme

first edition
Kurdistan - 2010